راگەیاندراوی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری NSK

رۆژی 2003. 11. 9 کۆمیتەیئامادەکاری ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی رابردووی خۆی و بۆ تاوتوو کردنی گۆرانکاریەکانی کوردستان و ناوچەکە کۆبووە.

کۆبوونەوە روخانی رژێمی بەعسی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کێشەی رەوای گەلەکەمان لێکدایەوە و ئەو دەروازە نێودەوڵەتیەشی گرنگ نرخاند کە بەو هۆیەوە لە بەردەم پرسی سیاسی و دۆزی کوردستاندا کراوەتەوە. هەروەها جەختی کردەوە کە دەبێ هێزە کوردستانیەکان لە ئاست ئەرکی داواکراوی قۆناغەکەدا رەفتار بکەن و بە گوتارێکی هاوبەشی هاوچەرخانە کێشەی گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتن تاو بدەن.

کۆبونەوە قامکی خستە سەر ئەو نیگەرانی و مەترسیانە، کە بەهۆی خۆگنخاندنی لایەنە دەستەڵاتدارەکان و یەکنەخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی باشور، هاتونەتە ئاراوە و راشکاوانەش هەڕەشە لە دەستکەوتەکانی راپەڕینی 1991 دەکەن بەرەو داهاتووی نادیاردا پەلکێشی دەکەن.

لەسەر ئاستی ناوخۆدا، لە 7 مانگی رابردوودا و لە ئاکامی بێباکی دەستەڵاتدارانی باشور، کێشەی گەلەکەمان لە جێگەی خۆیدا گرمۆڵەکراوەتەوە و هەنگاوی بەرەو پێشەوەی بۆ هەڵنەگیراوەتەوە. تەنانەت ئەو هێزە عێراقیانەی جاران بە پەرۆشەوە پشتیوانیان لە چارەسەری فیدراڵی کوردستان دەکرد، ئەوا ئەمرۆ بەخشکەیی پاشەکشەی لێدەکەن و پرۆژەی عێراقی 9 ویلایەتی پێشنیار دەکەن، کا ئەمەش خۆی لە خۆیدا گورزێکی کاریگەرە و لە پەیکەری دۆزە رەواکەماندا دەدرێت و بەرەو فەرامۆشی و سرینەوەی دەبات. لەم پێوەندیەدا NSK جارێکی دیکەش دڵسۆزانە بانگ لە (PUK) و (PDK) دەکات کە چیتر لە ژێر بیانووی رەنگاو رەنگدا کەمتەرخەمی نەکەن و دەست بەجێ هەردوو ئیدارەکە یەکبخەنەوە و حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنن و بەرەو سەرژمێرێکی گشتی و هەڵبژاردنێکی نوێ هەنگاو بهاوێژن.

کۆبوونەوە دووپاتیکردووە، وێرای ئەوەی کە NSKشێلگیرانە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەرێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاددا تێدەگۆشین، بەڵام بۆ چارەسەری هەنووکەیی پشتیوانی لە گەڵاڵەی فیدراڵی کە لە لایەن پارلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لێدراوە دەکات، بەو مەرجەی ئەو فیدراڵیە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جوگرافی بێ و شاری (موسڵ) یش بگرێتەوە و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا بچەسپێت و مافی ڤیتۆوشی لە بریارەکانی ناوەندا پارێزراو بێ.

هەر لەم پێوەندیەدا NSKداوا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دەکات کە لێبراوانە بێنە مەیدان و رۆڵی مێژوویی خۆیان کایە بکەن و چیتریش رێگە نەدەن هێزی سیاسی لە جیاتی ئەوان بیربکاتەوەو بڕیار لە داهاتوویان بدات. . بۆ ئەم مەبەستە گەرەکە بزاڤی (بەرە و رئفراندۆم) بەهێزو تۆکمەتر بکرێ و شێوازەکانی خەباتی هێمنانە و هاوچەرخانەی جەماوەری پەرەیان پێبدرێت و راوەستاوانەش رێگە لەو هێزو لایەنانەش بگیرێت کە سەودا و مامەڵەی بەرژەوەندخوازی لە تەك دۆزی رەوای گەل و نیشتیماندا دەکەن.

* سڵاو لە رێبوارانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.
* سڵاو لەو تێکۆشەرانەی کە لە زیندانەکانی داگیرکەراندا چاونەترسانە رووبەرووی جەلادەکان دەبنەوە.
* سڵاو لە پارێزەرانی مافی مرۆڤ.
* سەرکەوێ بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی بندەست.

2003. 11. 10 کۆمیتەی ئامادەکاری
ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

---

1. پارتی سەربەخۆیی کوردستان. PSK
2. حزبی رزگاریی کوردستان. RPK
3. پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان. PKSK
4. پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆك) PASOK
5. پارتی یەکێتی کورد لە سوریا. YEKITE